# مەسعود بارزانی هەرەشە لە خەڵکی نارازی کوردستان دەکات...!

(کورتە سەرنجێک لەسەر قسەکانی مەسعود بارزانی بۆ بەرپرسانی پارتی و یەکیتی)

موزەفەر عەبدولا

بە پێی هەواڵێک کە لە سایتی پەیامنێر لەم هەفتەیەدا بلاوبۆتەوە، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبونەوەیەکی تایبەت بۆ کادرو بەرپرسانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار ،یەکێتی و پارتی، لە هۆشدارییەکی بۆ ریزەکانی هەردوو حزب، راستەخۆ هەرەشەی لە خەڵکی نارازی کوردستان کردوە و بە ئاشکرا ووتی: گوللە مەدەنە ئەو تفەنگانەی بە دەست خەڵکەوەیە.

لەو کێشەو شەری ئالایەی کە چەند هەفتە لەمەوبەر مەسعود بارزانی سازی کرد ئەو کات لە نوسینێکدا ووتم کەئەم شەری ئالایە کە بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە بارزانی دەیکات لەبەر چاوی کالی خەڵکی کوردستانی نی یە بۆ رزگار بونیان لە ستەمی نەتەوایەتی بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمە شەرو هەرەشە زیاتر لە خەڵکی کوردستانە بە گشتی و بە تایبەتی لە رابەرانی جولانەوە نارەزایەتی یەکانی ئەم چەند مانگانەی دوایی و لەو نێوەشدا لە رێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانە.

هەر کەسێکی وشیار ئەگەر سەرنجێکی سەرپێی ئەو قسانەی بارزانی بدات ئەوەی بۆ دەردەکەوی کە چۆن بە ئاشکرا بارزانی ،ئیتر دوای جۆرێک لە هاوکاری نیوان خۆیان و یەکیتی و بوونی بە سەرۆکی کوردستان و هەوڵەکانیان بۆ دارشتنی دەستور یاساکانیان، دەیانەوێت هەرچی زیاتر فەزای ئازادی سیاسی و رادەبرین و هەر جۆرە نارەزایەتی یەکی خەڵکی کوردستان بەرتەسک بکەنەوە لە ژێر ناوی دەستور و یاساو پاراستنی بەرژوەندی بالای نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستاندا.وە رێگە نەدەن بە هیچ کەسێک کە رەخنەیان لێبگرێت و نارەزایەتی بەرانبەر دەسەلاتی سەرکوتگەری و گەندەڵیان دەربرێت.

ئەمە ئیتر رەوەندیکی ئاشکرای زیاتر جیاوازی و جیابونەوەی دەسەلاتی ئەمانەیە لە خەڵک . بە کردەوەش خەڵکی کوردستان رۆژ بە رۆژ زیاتر جیاوازی بەرژەوەندی خۆیان لە دەسەلاتی ئەم حزبانە بۆ دەردەکەوی و نارەزایەتی یەکانی ئەم دوایی یانەش هەنگاویکی گرینگ بوو لەم ریگایەدا .

بەلام بە پێچەوانەی ئەم هەرەشانەی بارزانی یەوە خەڵکی کوردستان و رابەرانی جولانەوە نارەزایەتی یەکانیان و حزب و رێکخراوە کۆمۆنیست و چەپەکان، وێرای بە جدی گرتنی ئەم هەرەشانە، بەلام سڵ ناکەنەوە لەم هەرەشانە. هاوکاتیش خەڵکی تەفرە نادات و پەرش و بلاویان ناکات و بە پێچەوانەوە سورتریان دەکات و وشیارتریان دەکاتەوە لە رێگای زیاتر بەری خستن و رێکخستن و هەڵخراندنی نارەزایەتی یەکانی خۆیان لە بەرانبەر یەکێتی و پارتی و دەسەلاتە گەندەڵ و ریسواو سەروخەڵکی یەکەیان کە چەندین ساڵە بازرگانی بە ماف و چارەنوسی خەڵکی کوردستانەوە دەکەن .

ئۆکتۆبەری 2006